www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20:53 3-12-2006

# چی روو دەدات کە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان رادەگەیەنرێت... ئەنوەر حسێن (بازگر)

(1)



کێشەی کورە ئەتۆمیەکانی پیۆنگ یانگ و سەپاندنی سزا بەسەر ئەو وڵاتەدا و قەیرانەکانی نێوان ئێران و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ئەگەرەکانی بەردەم ناردنی هێزی ئاشتی پارێز بۆ دارفۆر لە سودان، چەند ئاڵوگۆڕی خێرای جیهانن و واشنتۆن راستەوخۆ چاودێریان دەکات و بەچەند مەترسی گرنگیان دەزانێت بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی لە ئاسیای رۆژهەڵات و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و کیشوەری ئەفریقادا.

لەلایەکی ترەوە ئەنجامدانی مانۆرە چاوەڕوانکراوەکەی ئێران بۆ تاقیکردنەوەی موشەکە (1000) کم برەکانی، لەپاش مانۆڕەکەی کەنداو کە (25) دەوڵەت، بە سەرپەرشتی واشنتۆن بەشداریان تێداکرد، هێندەی تر گرژییەکانی ناوچەکەی زیاترکرد.

دواترین مەترسیش کە بەمدوایانە (CIA) پەردەی لەسەر هەڵماڵی ئەو پیلانە نهێنیە سی قۆڵیەی (ئێران، سوریا و حزبوڵڵای لوبنانە) بۆ کۆنترۆڵکردنی حکومەتی لوبنان لە رێگای کودەتایەکەوە.

کۆبونەوەکانی مەککەو ئوردنیش سەبارەت بە وەزعی عیراق دوو سیناریۆی ترن لە ناوچەکەدا.

هەموو ئەو رووداو و پێشهات و قەیرانانە راستەوخۆ کاریگەریان لەسەر سیاسەتی واشنتۆن هەیە واتا هەرکام لەمانەش بە شێوەیەك لە شێوەکان پەیوەندیان بە عیراق و قەیرانەکانی عیراق و ئەمریکاوە هەیە.

وەزعی عیراق تادێت ئاڵۆز دەبێت و مەترسیەکانی رێگاش رۆژ بە رۆژ زیاد دەکات و هەموو ئاماژەکان باس لەوە دەکەن واقعیەتی پارچەپارچەبونی ئەم وڵاتە گەیشتۆتە حاڵەتی تەقینەوە.

گەشتە یەك لەدوای یەکەکانی کۆندالیزارایسی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و رامسفێڵد و هادلی و نیگۆپۆنتی بەرپرسی موخابەراتی ئەمریکا (CIA) و چەند ژەنەراڵی سەربازی لەپشت ئەو ئاماژانەوەن کە عیراق لەبەردەم مەترسیدایە.

ئێستا قسە لەوە دەکرێت، چۆن دەکرێت بەر بەومەترسیە بگیرێت کە زۆر لایەن، چاوەڕوانی دەکەن.

لەمبارەیەوە جەیمس بیکەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکای پێشوتر و سەرۆکی ئەو لیژنەیەی کەوا بڕیارە ئەلتەرناتیڤێك بدۆزێتەوە بۆ واشنتۆن تا لەو قەیرانانە رزگاری بێت کە تێیکەوتوە.

ئەو لەو بارەیەوە ئەلتەرناتیڤی فیدراڵی و دەسەڵاتی زیاتری هەرێمەکان بەرێگاچارە دەزانێت، بەڵام مەرج نییە ئەم ئەلتەرناتیڤە سەر بگرێت و هەموو لایەنەکان قبوڵی بکەن یان بەواتایەکی تر، رێگری چییە بۆ ئەو دیفاکتۆیەی خۆی بەسەر عیراقدا دەسەپێنێت عیراق تاکە چارەسەر کە لە رێگایدا ماوە پەنای بۆ ببرێت دابەشبوون و پارچە پارچەبونیەتی.

کورد وەکو کارەکتەری سەرەکی و پێکهاتەی سیستمی سیاسی عیراق یەکێك لە تەگەرەکان، دەیەوێت لەگەڵ عیراقێکی یەکگرتووی ئارامدا ببێت، کە مافەکانی خۆی تێدا پارێزراوبێت، بەڵام ئەوەش واقعیە سەرەرای دەستبەرداربونی زۆرێك لەماف و ئیمتازەکانی، بەڵام زۆر لایەنی شیعەو سوننە هێشتا تەنانەت بە مافی فیدراڵیش رازی نین، بۆیە گەر کورد بە کەمترین شتێك رازیەو لایەنەکانی تر ئامادە نین لەگەڵی رێکبکەون بۆیە رەنگە دواجار ناچار بکرێت بە بڕیارێکی تر کە لانی کەم جیابونەوەبێت.

(2)

گەر گریمان، کورد راگەیاندنی سەربەخۆیی جاڕدا -بێگومان کاتێك دەبێتە دیفاکتۆ-کی ڕێگری لێدەکات و چۆن و بۆچی؟

ئەمریکا کە لەناوچەکەدا سیناریۆکان دادەڕێژێت، باشدەزانی کورد لەگەڵ شیعەو سوننە ناتوانی وڵاتێك بەڕێوە ببات کە تا ئێستا بە کەمینە بزانری، فیدراڵی پی رەوا نەبینرێت، کەرکوك بەکوردستان نەزانن، لەگەڵ هەر هەنگاوێکی پۆزەتیڤ و ئاسایی و یاساییدا تاوانباری بکەن بەوەی گوایە فەرموو کورد خەریکە جیادەبێتەوە.

بۆیە ئەمریکا ناتوانی ڕێگری لەوەهاکارێك بکات کە کورد دەیخوازێت، بەو دەلیلەی چۆن واشنتۆن لەپرۆسەی ئازادی عیراقدا، لەباشترین دەروازە کە کوردستان بووبی بەرگری و کێشە هاتە ژوورەوەو بێگومان لەپاش ئەو هەموو شکست و قەیران و سی هەزار کوژراوانەی کە لە باشورو ناوەڕاست لێکەوت.

تاکە دەروازەش هەر کوردستانە کە لانی کەم لێیەوە پاشەکشە بکات، یان بتوانێت تێیدا بە ئارامی نیشتەجی بی، چونکە شیعەکان هەرگیز رازی نین ئەمریکا لەناوچەکانیاندا بمێنتەوە و حوکمیان بکات و نەوتەکەیان بەرێت و خۆشیان بەدۆستی ئێران دەزانن و داوای ویلایەتی فەقیهی دەکەن. بێگومان ئەمریکاش رازی نابێت حوکمێکی ئیسلامی لە باشوور هەبێت، دۆستایەتی ئێران بکات و لەنەوتە زۆر زەوەندەکەی بەهرەمەند نەبێت و هەموو لایەنەکان لەژێر ڕکێفیدا نەبن.

هەرچی سوننەکانیشە، هەموو ئەو دەردو موسیبەت و کێشانەی بەسەریاندا هاتوە بەدەستی ئەمریکای دەزانن و سوننە تیرۆریستەکان و قاعیدەو وڵاتانی سوننە، وەهابی وبە سوریاشەوە، هەموو هەوڵێکیان بۆ شکستی ئەمریکایە.

خۆ ئەو دوو لێکدانەوەیەی سەرەوە، هیچ گومانێك هەڵناگرێت، ئەی کەواتا ئەمریکا روو لەکوی دەکات و لە کوێیەوە سەرپەرشتی عیراق دەکات... هەر لەناوچەی سەوزەوە؟ بێگومان دەبی شوێنێکی وەکو کوردستان بکاتە بنکەیەکی دۆستانە، بێگۆمان کورد لەم حاڵەتەدا ئیدی نابی بەعاتیفە سیاسەت بکات، بەڵکو بەو تێزە کاربکات " لەسیاسەتدا دۆستایەتی و دوژمنایەتی تاسەرنییە، بەرژوەندی تا سەر هەیە... ئیدی دەبی واشنتۆن واز لەو دوو پەتپەتێنە بێنێت نە دڵی کورد عاجز بکات نە شیعەو تورکیا و سوریا و سعودیەش... !

دەبی هەست بەو بەرپرسیارێتیە ئەخلاقیە بکات کە کورد مافێکی رەوای خۆیەتی کە دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێت... !

بۆچی رەوایە مۆنتینگرۆ لە سربیا جیابێتەوە، لەکاتێکدا نە روسیا رازیبوو، نە سربیاش پێی خۆشبوو، بۆچی دەبی بۆ کۆسۆڤۆ رەوابێت مافی داواکردنی سەربەخۆیی هەبێت، بەڵام بۆ کورد حەرام بێت... ؟

بۆچی واشنتۆن دەیەوێت دەوڵەتی فەلەستین دروستبکات لەکاتێکدا بە (22) دەوڵەتی عەرەبی ناتوانن ئەو کارەبکەن، تەنها بۆ کورد حەرامە، چونکە تورکیا و ئێران و سوریا ناڕازین ئاخر گەر قسە لەسەر رازیبوونی ئەوانە بێت، بێگومان قەت و قەت رازی نابن... ! بەڵام ئەمە کێشە نییە!

کاتێك لەبەهاری (1991) راپەرین رویدا و دواتر لە ساڵی (1992) دا حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان پێکهات و دواتریش بڕیاری فیدراڵی دراو داموودەزگای ئیداری دروستکراو دادگاکان رێکخرانەوەو گومرگ دروستکراو نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم دانراو مامەڵەو ئاڵوگۆڕی بازرگانی دەستپێکردو تەنانەت (شەڕی ناوخۆش روویداو ئیدارەکانیشی کردە دوولەت و دووحکومەت) بەڵام دواتر هەڵبژاردنکراو حکومەت یەکخرایەوەو ڕێکخراوە مەدەنیەکان گەشەیانکردو ئازادی رۆژنامەگەری پەرەی ساندو دەستور بە قازانجی کورد بڕایەوەو ئاڵای کوردستان هەڵکراو سەرۆك کۆمار بوە کوردو کوردستانیش سەرۆکێکی هەرێمی دەستنیشانکردو فرۆکەخانەکانی کەوتنەکارو بیرەنەوتەکانیش بۆ

دەرهێنانی نەوت کەوتە گەڕ سەدا هەڤدەی داهاتی عیراق درا بە کورد ماددەی سەدوچل و گەڕانەوەی کەرکوك بۆ سەرکوردستان خرایەکارەوە... !

(3)

دەمەوێت بڵێم لەهەموو ئەو پێشهات و رووداو و ئاڵوگۆڕانەی کە لە کوردستاندا روویدا تورکیا و سوریا و ئێران و عیراق و تەنانەت ئوردن و سعودیە و میسریش، تەنها بەیەك رووداو زۆر خۆشخاڵ بون؛ ئەویش شەڕی ناوخۆبوو، گومانیشم نییە بە پارەو چەك و فیشەکی ئەوان کرابێت... !؛

بەدەرلەوە بەیەك خاڵ و وەزعی کوردستان خۆشخاڵ نەبون و بەهەمووشی نیگەران بوون، دڵنیاشم هەرچی و هەرچی چۆنێك بۆیان کرابێت لە دژایەتی کوردو حکومەتی کوردستان درێخیان نەکردوە، بەڵام سەرئەنجام نەیانتوانی بە قازانجی خۆیان رەوتی روو لەگەشەی بەدەوڵەتبوونی کوردستان پەك بخەن و شکستی پێبێنن.

(4)

بۆیە کاتێك کورد دەوڵەتی کوردستان رادەگەنێت، دڵنیام بی کێشە نابێت، بەڵام هەر هێندەی دەوڵەتی جولەکەی ساڵی (1948) نارەحەت دەبێت کە جولەکەکان لەناو ڤێللاو کۆشکە سورەکانی شورەوی و ئەروپاوە گەڕانەوە ژێر خێمەکانی تەل ئەبیب تا ببنەخاوەنی دەوڵەت و سەرئەنجامیش ئەو مافەی کە (900) ساڵ و لەسەردەمی بەنی ئیسرائیلەوە لێیان زەوتکرابوو لە راگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل بەدەستینهێنایەوە، سەرەڕای ناڕازیبوونی (22) دەوڵەتی عەرەبی و چەند دەوڵەتی ترو سی شەڕی گەورە، بەڵام دەستبەرداری سەربەخۆیی نەبوون.

راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان، هەر هێندەی چاوەڕوانی سەربەخۆیی، ئازربایجان و ئەرمەنستان و تاجیکستان و جۆرجیاو قەرقیزستان و ئیستوانیا، لیتوانیا و لاتیفیا و تورکمانستان پرکێش دەبێت کەپاش کۆتایی جەنگی ساردو ستەمی ستالین و هەڕەشەکانی شورەوی بی گوێدانە مەترسی سەربەخۆییان راگەیاند.

تەنانەت هەندێك دەوڵەتی تازە سەربەخۆی وەکو قەرقیزستان بەهۆی بی ئیمکانیەتەوە داوایکرد هاولاتیانی قەرقیزیایی کەلە ئەوروپا دەژین با کۆمەکی دەوڵەتی سەربەخۆ بکەن... !

ئەو دەوڵەتەی کە زۆر لە مێژە کوردەکان خەونی پێوە دەبینن هەر هێندەی سەربەخۆیی (چیك و سلۆڤینا، سربستان، کرواتیا، مۆنتینگرۆ و کۆسۆڤۆ... ) پاش چەند ساڵ شەڕو کوشتار و قەتڵ و عامی ناوخۆ و دەرەکی پڕمەترسی دەبێت، کەسەرئەنجام گەیشتنە دەسەلات.

یان لانیکەم چاوەڕوانی سەربەخۆیی کوردستان هەرهێندەی سەربەخۆیی ئەریتریایەکی کیشوەر رەشی بی نەوت و بی دەرامەت و پڕکێشەو هەژاریی و ئایدزو نەخۆشی و مەترسیەکانی ئەسیوبیا پڕ گرفت دەبێت، کە حاڵی حازر ئەندامی (UN) .

هەرهێندەی تەیموری خۆرهەلات ئەستەمە کە (شاناناگۆسماو) هەموو جیهانی گەیاندە ئەو قەناعەتەی کە دەبی تەیموری خۆرهەلات دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێت.

(5)

ئەوانەی من باسمکرد هیچ کامیان لە خۆیانەوە نەبونەتە دەوڵەت و سەربەخۆییان وەدەستنەهێنانەوە دڵنیام زۆر هەڕەشەیان لەسەر بوە، بەڵام سەرکردەی سیاسی و ئیرادەی جەماوەرو جەور و ستەمی رۆژگارو فاکتەرە سیاسیەکان (چ ناوخۆیی چ دەرەکی) رۆڵی خۆیان هەبوە.

بەڵام سەرئەنجام گەل ئیرادەی سەرکەوتوە و گەلان بە مافەکانیان گەیشتون.

(6)

کورد سەرکردەی هەیە، گەلیش ئیرادەی بەهێزەو خاوەنی پایەکانی دەوڵەتی کوردستانە، فاکتەری سیاسی دەرەکی هاوسۆزییەکی گەورەیان هەیە لەگەڵ کورددا، بەڵام باشترین فاکتەر، ئەو فاکتەرەیە کە ئێستا عیراق خۆڵقاندویەتی تاکورد ببێتە دەوڵەت.

چونکە فەلەستینەکان لەدەرئەنجامی شەڕی ناوخۆ سەربەخۆییان وەرگرتەوە، ئەریتریاو تەیمۆرو مۆنتینگرۆ کۆسۆڤۆ لەدەرئەنجامی شەڕو قەیرانەکانی ناوخۆوە گەیشتنە سەربەخۆیی.

ئێستا عیراق وا رسکاوە و لەبارە بۆ جیابونەوەی نەتەوە و ئیتنیکەکانی ناوی، رەنگە لەسەرەتای دروستبونیەوە وانەبووبی.

بۆیە واشنتۆن وەکو داینەمۆی ئاڵوگۆڕەکان لەو بارەیەوە، پێموایە بەرنامەیەکی ناڕۆشنی هەیە، بەڵام کورد خۆی بەرنامەی چییە، چی دەکات و چی بۆ کردووە... ؟ ئەمە گرنگە.

(7)

دەوڵەتی کوردستان (194) ەمین ئەندامی نەتەوە یەکگرتوەکانە کەی دروستدەبێت؟ چەندساڵی تر؟ کێیە ئەو یەکەمین دەوڵەتەی کە راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان پەسەند دەکات بۆیەکەمجار دان بەو دەوڵەتەدا دەنێت کە گەلەکەی باشووری (5) ملیۆن و کۆی گشتی (40) ملیۆنە... ؟

ئایا واشنتۆنە؟ یان تورکیا؟ یان عیراقە... ؟

ئایا کێیە ئەو سەرۆك کۆمارە کوردەی کە دەتوانێت ببێتە (هێرتزلی جولەکە، شانانا گۆسماوی تێمۆری خۆرهەڵات، کەمال ئەتاتورکی تورکیا) و وێنەکەی لەهەمووماڵێکی کوردستان و دەزگا و دامەزراوەکان بەرەسمی بناسرێت وەکو بونیادنەرو جاڕدەری سەربەخۆیی کوردستان بناسرێت، کەی ئاژانس و میدیاکانی جیهان ئەم هەواڵە گرنگە دەکەن بەسەردێڕی هەواڵ و باسەکانیان...

کورد لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی گەورەدایە کە لە روخانی دەوڵەتی میدیاوە چاوەڕێدەکات، ئەویش سەربەخۆیی کوردستانە... ! دروستبونی دەوڵەتی کوردستانە!!